**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

## ناوەنی چاک لە دانمارک پیرۆزبایی لە هەڵبژاردنی سارا ئۆزلم بۆ پارلەمانی دانیمارک دەکات



لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارلەمانی دانیمارکدا کاندیدی پارتی سۆسیالستی گەل **SF** ژنە کوردی باکوری کوردستان سارا ئۆزلم چەکیس سەرکەوتووانە بە ئەندامی پارلەمان هەڵبژێردرا. شایانی گوتنە سارا ئۆزلم یەکەم ژنە بەنابەرە دەبێتە ئەندامی پارلەمانی دانیمارک، بۆیە هەڵبژاردنی ئەو رووداوێکی مێژوویە لە مێژووی هەڵبژاردنی پارلەمانی دانیمارکدا. سارا ئۆزلم کچی خێزانێکی کرێکارە و خۆی وەکو یارمەتیدەر لە نەخۆشخانە کار دەکات. سارا شانازی بە شوێنی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات و یارمەتی نەداران و هەژارانی کۆمەڵ بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت.

سارا ئۆزلم گرنگی بە دۆزی کورد دەدات و بەرگری لە مافی گەلی کورد بە تایبەتی لە باکوری کوردستان بە پێی توانا کردووە. هەروەها سەبارەت بە ناساندنی کارەساتی ئەنفال وەکو تاوانی ژینۆساید یارمەتی ناوەندی چاکی داوە و ئامادەیی بۆ هاوکاری زیاتر دەربڕیووە.

هیواداریین سارا ئۆزلم لە کاری نوێیدا وەکو پارلەمانتار سەرکەوتوو بێت و سوودی بۆ دۆزی گەلی کورد زیاتر ببێت.

**ناو و ناونیشانی ئۆزلم سارا چەکیس،**
**Özlem Sara Cekic**
E-mail: ozlem@ozlem.dk
Hjemmeside: http://www.ozlem.dk,
http://www.ozlem.dk/kurdisk.sf
Telefon: 23 33 61 67

**ناوەندی چاک – دانمارک**
**17.11.2007**
**www.chak.be**
**chak_org@yahoo.com**